# خەسارە کۆمەڵایەتیەکان و کاریگەری لەسەر توێژی زیندووی ناو کۆمەڵ!

**ن: عەزیز ئاجیکەند**

کۆمەڵی سەرکەوتوو، کۆمەڵگایەکە کە زانست لەودا قەتیس نەبێ و بەکردەوە دەربێ. هەر بەم پێیە ئەگەر شارۆمەندانی ناو کۆمەڵ زۆر زانستیانە و لەگەڵ ئەزموونەکانی مرۆڤی سەردەم باربێن و چۆنیەتی کەڵك وەرگرتن لەزانست و شێوازەکانی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ قەیران و هەوراز و نشێوەکانی ژیان بزانن و بتوانن زۆر زانستیانە و وشیارانە لەگەڵی مامەڵە بکەن، بێ هیچ دوو دڵی و گومانێك، ڕێڕەوی ژیان و تەنانەت خودی کۆمەڵگاش بەئاقارێکدا دەڕوات کە ئاسۆی ژیانێکی روون تێیدا بەتەواو مانا بەدی دەکرێ!

بەچاوخشاندنێکی کورت بەسەر کۆمەڵگا و سەرجەم ئەو تەنگ و چەڵەمانەی کە بەرۆکی بە ئینسان گرتووە و مرۆڤی بردوەتە بەردەم تاقیکردنەوەکان، بۆمان دەردەکەوێ کە کەسایەتی مرۆڤ هەموو کاتێك بەپێی کاریگەری سێ گرووپی لەچەشنی بنەماڵە، هاوتەمەن، جیگاوشوێنی مانەوە بەتایبەتی قوتابخانە و شوێنەگشتیەکاندایە. بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەمانەش سەرەتای فێربوون و بارهاتنی منداڵان لەباوك و دایك و دەوروبەریانەوە سەرچاوە دەگرێ، بەو مانایەی کە بەردی بناغەی یەکەمی کەسایەتی منداڵان لەژێر کاریگەری بنەماڵەدایە و هەر بەم پێیەش ژیانی سەرتایی ئەو شکڵ دەگرێ و گەشە دەستێنێ.

بەڵام بە هەمووی ئەوانەشەوە بەداخەوە ئەمڕۆکە سەرباری گەشەی کۆمەڵگا و ڕادەی وشیاری کۆمەڵانی خەڵك و پێشکەوتنی زانست و پەروەردە و بارهێنان، دەکەوێتە ئەستۆی ناوەندەکانی بارهێنان و لەوێشەوە سەرەتاییترین ئەرکی بارهێنان پشتگوێ دەخرێ و توانایی و لێهاتووییەکان دەخرێنە پەراوێز و کوێر دەکرێنەوە.

ئەم پشتگوێ خستنە کاردەکەنە سەر بازنەی فکری مرۆڤ و ئاسەوارەکەشی لەدرێژماوەدا دەبێتە هۆی گرێ کوێرەیەك کە مرۆڤ لەبەرامبەریدا سڵ دەکاتەوە و توانای ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێی لەبەرامبەر کێشەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکانی نابێت.

بەو مانایەی کە باوەڕبەخۆبوون هەر لەسەرەتای ژیانەوە لەناو زەین و مێشکی مرۆڤدا پەرپەڕ دەکرێت و بواری گەشانەوە نارەخسێت و کاتیش بێ ئەوەیکە بەخۆت بزانیت تێپەڕ دەبێت و ژیان ئەو ئەو بایەخە گرنگانەی نابێ کە مرۆڤ پێویستی پێیەتی.

ئەزموونی کۆمەڵناسان و دەروونناسان و لێکۆڵەوەران نیشانی دەدات کە بۆ چوونە سەرەوەی ڕادەی سەرکەوتنی هەرکۆمەڵێك، بارهێنانی دروست لەسەرەتای ژیانی مرۆڤ پێویستە و ئەمە ئەرکێکە کە دەکەوێتە سەرشانی دایك و باوك و لەقۆناغی دووەمیشدا ئەوە مامۆستایانی دەرەوەی ماڵن کە ڕەوتی ئەم ئەرکە بە سەرئەنجام بگەیەنن. نابێ ئەوەش لەیاد بچێ کە گەشە و پێشکەوتنی هەر نەتەوە وچینێك وەك لە سەرەتادا باسی لێوەکرا بەندە بە ڕادە و ئاستی پێشکەوتوویی و ئەمڕۆیی بوونی پەروەردە و فێرکردنی ئەو نەتەوەیە هەر لە سەرەتای لەدایك بوونیەوە. گومان لەوەدا نیە کە ئەگەر بێت و لە شێوازی نوێی فێرکردن وپەروەردە کەڵك

وەربگیرێ، بێگومان کۆمەڵگا، کۆمەڵگایەکی بێ کێشە و پێشکەوتوو دەبێ. لەبەر ئەوەی، بارهێنانی دروست بەشێوازی زانستی کلیلی کردنەوەی دەرگایە بەرەورووی داهاتوودا و ئەو دەرگایەش ئاسۆیەکی ڕوونە لەبەرامبەر بارهێنانی مرۆڤی وشیار و بەئەزموون. شێوەی پەروەردە و ڕاهێنانی سوننەتی باوی نەماوە و نابێ ئەمڕۆ لە کۆمەڵدا پەیڕەو بکرێ، چونکە ئەگەر سیستەمی پەروەردە گۆڕانی بەسەردا نەیە کاریگەر نیگەتیڤی دەبێ لەسەر کۆمەڵگا و لەدرێژ ماوەدا خەسارێکی گەورە لەمرۆڤی سەردەم دەدات.

کاتێك کە تاك دەکەوێتە ژێر گوشاری دەروونی و باوردۆخی نالەباری ژیان، ئەگەر بێت و زانیاری لەزانست و شێوەی بەکردەوە دەرهێنانی تواناییەکانی لە هەمبەر چارەسەرکردنی کێشە و ململانی یەکانی ژیانی نەبێ و یان لەکاتی خۆیدا چارەسەریان نەکات، ئەوا بێ گومان لەدرێژماوەدا کارێگەری بەرچاو لەسەر جەستە و ڕۆحی دا بەجێ دێڵێ و کەسێکی بێ توانا و لەخۆنامۆ باردێنێ کە ئەمە وەك خەسارێکی گەورە هەم لەسەر مرۆڤ و هەم لەسەر کۆمەڵگا دێتە ئەژمار.

مرۆڤ بەپێی سروشتی خۆی و بارودۆخی ئابووری و کەلتووری لەوانەیە تا ڕادەیەك تووشی لادان بێت و بەکردەوە لە کردارەکانی خۆی لابدات.

ئەم شێوە لادانانە تەنیا تایبەت بە چین و توێژێکی تایبەت لە کۆمەڵ نین وبگرە هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵ دەگرێتەوە. کە هەمووی ئەمانەش سەرچاوە گرتووە لەدیاردە کۆمەڵایەتی یەکانی وەك تەلاق، ڕووهێنان بە مادە سڕکەرەکان وهیتدەوە...

بارهێنانی مرۆڤ و ڕاهێنانی لەسەر چۆنیەتی ژیان، کاتێك دەتوانێ وەڵامدەرەوەی پێویستیەکانی کۆمەڵگا بێت کە لەژێر ڕۆڵ و کاریگەری کۆمەڵناسی و دەروونناسانی کۆمەڵایەتی و کەلتووری بێت کە لەلایەن کەسانی بلیمەت و زانا و مامۆستایانی بەواقع خەمخۆر بەڕێوە بچێت.

مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیر و سەمەرەیە. توانای هەموو شتێکی هەیە و هەر مرۆڤێکیش لەزاتی خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێك خاڵی لاواز و بەهێزە کە لەهەر پێشهاتێکدا لەخۆی نیشانی دەدات، ئەگەر ئەم خاڵە بەهێزانە لەژێر ڕۆڵ و کاریگەریدابن بێگومان، خاڵە لاوازەکانیش لەناوخۆیدا دەتوێنێتەوە و دەیانکاتە بڵقی سەرئاو.

لەوەها دۆخێکدایە کە وەرچەرخانێکی گرنگی فەرهەنگی بەسەر کۆمەڵگادا دێت و کۆمەڵ هەنگاو بە هەنگاو بەرەو گەشەسەندن دەڕوات ودەسەڵات وبەڕێوەبەری کۆمەڵ دەکەوێتە ژێر چنگی کۆمەڵێکی زۆر لە مرۆڤە بلیمەتەکان و خاوەن بیری پێشکەوتنخواز.

بێ گومان لەوەها کۆمەڵێکیشدا تاك کەسێتی خۆی لەدەست نادات و زۆر بەرپرسانە هەنگاو بۆ کۆمەڵگایەکی خاوەن ئەزموون هەڵدەگرێ و ڕێگاش بۆ نەوەکانی دواڕۆژی خۆی خۆش دەکات و لە خۆنامۆبوونیش جێگای خۆی دەدات بە باوەڕبەخۆبوون و خەسارە کۆمەڵایەتی یەکان باویان نامێنی و مرۆڤ دەتوانێ تا ئاستی خۆشبەختی خۆی بەرەو لوتکەی ڕزگاری هەنگاو بنێ.